

بۆن فرۆش ... هۆنراوەی شالاو

**گوڵم لەگەڵ شنەبایەك**
**لە نیوە شەو**
**تاڵێك قژت گەیشتە لام**
**پڕ بوو لە بــــــــــــۆ**
**منیش كردم بە جۆڵانە بۆ دڵی خۆم**
**بۆ سەر خـــــەوێ**
**بەیادی تـــــــۆ ...**
**كەبێدار بووم بە ناچـــاری**
**نەك تەنها خـــــۆم**
**بەڵكـــــو هەموو ژوورەكەشم**
**بۆنی عـــــــەتری لێ دەباری**
**لەوساوە من**
**نازانم شەو تـــاكو دونیا خـــامۆش دەبێ**
**شیعر بۆ چاوت بنووسم**
**چونكە ئیتر سەرم سوڕماوە لە خۆشم**
**یان دانیشم**
**تا بەیانی**
**شووشە شووشە**
**بۆنی زەڵفـــی تۆ بفـــرۆشم ..**

shallaw1@hotmail.com